



# هاوشێوەی هونەرمەندە ناودارەکان

زۆرجار لێرەو لەوێ لە میدیاکان دەبیستین یان دەبینین کە کەسێکی هاوشێوەی هونەرمەندێک یان کەسایەتییەکی ناوداری جیهان هەستاوە بە ئەنجامدانی کارێک جا ئەو کارە پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکانی کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر کەسایەتییە راستەقینەکە، جاری واش هەیە ئەم هاوشێوانە شێوەی روخساری خۆیان دەقۆزنەوە بۆ مەبەستی تایبەت و کۆکردنەوەی پارە تەنانەت فرتوفێڵیش لە هەوادارانی ئەو کەسایەتییانە دەکەن و هەوڵ دەدەن وێنە و ناویان لە زۆرترین تەلەفزیۆن و گۆڤار و رۆژنامەدا بڵاوبێتەوە تاکو ناوبانگێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن و زیاتر لەلایەن خەڵکەوە بناسرێن.

هەندێک لە هونەرمەندان دڵخۆش دەبن کاتێک دەزانن هاوشێوەیەکیان هەیە و ڕەنگە ماوەیەکی دووریش ببڕن تا چاویان پێ بکەوێت بە پێچەوانەشەوە هەندێکی دیکەیان بێزاری و دڵتەنگی خۆیان دەردەبڕن و ئەمە بەپلانێک دادەنێن دژی خۆیان، لەو ئەستێرانەی کە تا ئێستا هاوشێوەیان هەبووە: مایکل جاکسۆن، بریتنی سیرز، ئیمینم، ڤیکتۆریا بێکهام، ئۆشیر، جۆرج مایکل، تۆپاک، رۆبی ویلیامز، ویل سمێس، ئەڤریل لاڤین، کریستینا ئەگویلیرا و چەندانی دیکەش.







